# سەباح دەشەیی ، یاخۆ . . . . ؟

لە ماڵپەڕی کوردستان نێت ، شتێکم خوێندەوە، کە نوسەری حیکایەتەکە، گۆیا ڕێنوێنی و ئامۆگاری بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکرات نووسیوە ! واشی پێشانداوە کە گۆیا ئەندامی حیزبە و پێشانیش دۆستی کاك مستەفای سکرتێری حیزبی دیموکرات بووە ، بەلاّم پێش کونگرە فریوی کاك مستەفای خواردووە و بۆتە پالەوانی ناوبراوو، ئیدی چیدیکە شەڕی بۆناکات. چوونکە قسە و موساحەبەکانی بەدڵ نین و ناوبراو بەلاوازی دواوە !

باشە ئەگەر ئینسان رووی لە نووسەری ئەو نووسراوە بکاو ، وەك حەق وێژێك بپرسێ و بڵێت : تۆخوا کاك سەباحی بەڕێز تا ئێستا بۆخۆت لە ڕۆزنامەکانی ئێراندا شتێ ئاوات لە دژی سکرتێری حیزبەکەتدا خوێندۆتەوە ؟ ئەمن بۆخۆم عەقیدە و باوەڕم بە وەنییە کە جەنابت ئەندامی حیزبی دێموکرات بی و کۆڵە باری ئاوا قورس بۆ دوژمنی حیزب هەڵگری و ئەوها سکرتێری حیزبەکەت لە نێو سایتەکاندا بشکێنی . دیارە ڕۆزنامەکانی ئێران شتێ ئاوا زۆر دەنووسن ، هەرچەند ناگەنە نووسینە پڕ ڕق و کینەی بابەکوشتەیی تۆ . ئەوان شتێکی تێدا دێڵنەوە ، کەچی جەنابت دەسخۆشانەکەت بە مەزەندە دەبێ زۆر زیاتر بێ کە ئاوا قۆڵت لێ هەڵماڵیوە !

سوئالێك لە خۆت بکەو بزانە ، تائێستا ئەو سکرتێرانەی کە پشتی سەری هەم هاتوونەتەدەرێ ، کێهەیان بەقەرا نیوەی کاك مستەفایان کارکردووە؟ یائەوەتا تۆدەتویست دەگەڵ دوو عەجەمان دانیشێ بە شەهید کردنی بدەی ؟ یان چونکە ئەو هەموو گەڕان و سوڕان و موساحەبانەی کردوە و نەکوژراوە ، ڕەنگە لەو بارەوە بێت کە جەنابت تووڕەیی کە هەدەفتان نەپێکاوە ، ناحەقت ناگرین . نووسراوەکەت ئەوەندە ناشیانە و موغریضانەیە ، پەندی پێشینیان وەبیر پیاوی دێنێتەوە کە دەڵێن ( داری هەڵێنە ..... دز دیارە ) کەسێك حیزبی بێ ، کوا ئاوا بۆ دوژمن شت دەنووسێ ؟

کەسێك ئەندامی حیزبی بێ ، پێویستە بە تێبینی و لەبەرچاوگرتنی اصولی حیزبایەتی و هەروەها اصولی کۆنگرەو مصوەباتی پەسند کراو ، ضمنی ئاگاداری لەسەر بەرنامە و پەیڕەوی حیزبی و دەنگدان و هەڵبژاردن و شەرعیەتی کۆنگرە، دەبێ تاکۆنگرەیەکی دیکە مولزەم بەڕعایەتی ئەو

حەقانیەتانە بێت و لەبیری نەچێت کە بە دەنگی ئەکسەریەتی نوێنەرانی کۆنگرە هەموو شتێك ڕاوەتەوە وکۆنگرە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهاتووەو، ئێمەی ئەندامیش دەبێ بەدڵگەرمی خەریکی کارو باری خۆمان بین و وەفادار بە اصولی تەشکیلاتی بین .

دیارە پێشتر لە کۆنگرەکانی ڕابردوو بە پێشنیاری گشتی بڕیار لەسەر بازنشستگی دراوەو بە تصویب گەیشتووە، ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو پیرو پاتالانە لادرێن و جێگا بۆ ئینسانی بە ئەنەرژی بەجێ بێڵن . ئەو بڕیارە بۆتە هۆی ئەوەی هاوڕێ پیرەکان دەست بکەن بە منگەمنگ و لەڕووی عاتیفەوە هێندێك لەکادرەکان لەدەوری خویان هاڵێنن. ئەگەر بێتوو کەسێك گوێ بداتە ئەو کەسانەی کە قانوون ختسوونیە پەراوێز، سەد دەر سەد لە ئیشتبا دان و اصولیان پێشێلکردووە . لە قەدیم و نەدیمەوە کوتوویانە ( خەتی خوار لەبن سەری گای پیردایە ) روو دەکەمە ئەندامانی حیزب و دەڵێم ، مەبادا مەبادا ڕێگایەك بگرن کە سەباح دەشەیی گرتوویە، بەڵکوو دەبێ ئەو ڕێگایە بگرن کە قانون و اصولی تەشکیلاتی تێدا پێشێل ناکرێ . ئەوەی من عەرزتان دەکەم باوەر بفەرموون الف و بێی سیاسی و حیزبییە و نابێ یاساو اصوڵ لەبیر بکەین .

مەردی مەیدان کەسێکە بە درۆ و دەلەسەی کەسانی وەکۆ سەباح دەشەیی هەڵنەخەڵەتێ و ڕێگاو ڕێنوێنی دوژمنان نەگرێتە پێش . کابرایەکی نەناسی کە بە فێل و تەلەکە خۆی کردووە بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەریکی ئاور خۆشکردنە، بەراستی جێگای نەفرینەو بەس . ئەوە من و تۆین دەبێ کەسانی ئاوا بە هێند نەگرین کە بە ئاشکرا ئاو لە ئاشی دوژمن دەکەن .

لە کۆتاییدا یەکگرتن و تەبایی گشت کادرو ئەندامانی حیزبی ئارەزوومە .

سەلاحی ئەحمەدی: ئوستالیا. ١٢/٥/٢٠٠٥